## لەسەر دزینی بزنێک لایەکی سمێڵی وە برۆیەکیان تاشێ ... ئەردەلان

تا ئەو رۆژەی لە ژیاندا بم ئەو دیمەنەم لە بێر ناچی ساڵی 1992 بوو، دوونیا زۆر سارد بوو بەفر دەباری زەوی شەختەی گردبوو ئەۆ رۆژگارانە خەڵکی زۆر هەژارۆ کەم دەرامەت بوو بە تایبەتی لە سنوری چەم چەماڵ کە زۆرترین خەڵکی هەژارۆ ئەنفاڵ و ئاوارەی لە خۆ گرتبوو لە پاڵ ئەم هەمۆ برسیتی و بێ کاریە کەسانێکی دەسەڵاتدارو خاوەن جەماعەت لەو پەرێ خۆش گۆزەرانیدا دەژیان ئەو ساڵانە موچە زۆر کەم بوو بە تایبەتی بۆ ئەو پێشمەرگانەی بێ کەس بوون خزمی لێپرسراو و دەسەڵاتداریان نەبوو یان پاسەوانی دەسەڵاتداران نەبوون ئەوە بوو بە چەند مانگ جاریك شتێك پارە بە پێشمەرگە دەدرا بەڵام لە هەمان کاتدا هەر کاتی شەرێ کورد کۆشتن رۆی بدایە ئەوە پارە زۆر بوو بۆ کرینی فیشەك و چەك و پێویستی شەر ئەوساڵە کۆرێکی پێشمەرگە هەبوو زۆر دەست کۆرت و هەژار بوو خەڵکی مەدینە شۆرش بوو لەبەر دەست کورتی و کەم دەرامەتی شەویك چوبووە سەرماڵێك بزنیکی دزیبوو پاش ماوەیەك ئاشکرا بوو دەستگیر کرا لە لایەن پێشمەرگەوە کەسێکی دەسەڵاتدار بەم شێوەیەیە سزای بۆ دانا سزای بدەن
لایەکی سمیڵیان تاشێ وە لایەکی برۆیان تاشی کردیانە ناو پێکابێکی تویوتا پشت بەتاڵ رەنگی خاکێ بەناو هەمو شاردا گریان دەدا کەسێکیش بە دارێکەوە لیێ دەدا ئەویش دەبووایە وەك بزن بی بارانایە ئەو کۆرە لەسەرمادا دەلەرزیەوە هەر لە پاڵ ئەمانەدا دەیان کەس هەبوو دەستیان لە خۆینی هەزاران کوردا هەبوو وە سەدان ماڵیان تاڵان کردبوو هەر لە هەمان کاتدا دەیان پێشمەرگەو دەسەڵاتدار هەبوو بە سەدان مەرۆ ماڵاتی خەڵکیان تاڵان دەکرد کەس نایتوانی بڵی ئەوە چی دەکەن ئەری کوردینە ئەگەر بەو یاسایەی بەرامبەر ئەو کۆرە کرا کە تا ئیستا ناوی نراوە (فلان بزن) چەند کەس لەو دەسەڵاتدارانەی کوردستان بێ سمیل و بێ برۆ دەمیننەوە